# Violence and Frustrations due to Misuse of Technology, Media and Publications in the Kurdistan Region

Hemn Hamad Amin Ibrahim[1], Haval Abdullah Hamad[2], Zakarya Ibrahim Hajji Amin[3]

[1] law Department - College of Humanities- University of Raparin , [2]Arabic Language Department - College of Basic Education- University of Raparin,[3]Kurdish Language Department - College of Education- University of Raparin

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.03*

*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The development of technology and media and publication in today's world is a certain outcome, as the desires of individuals increase to build relationships with each other, the issue has been accepted by the individuals, from the other side, this social, political and economic development that happened in the Kurdistan region and Iraqi society, has led technology, media and publication to enter everyone's life. But due to the use of technology, media and publication on social media and social networks, many users are subjected to violence, frustration and threats. In this research the attempts focus on explaining methods gaining consciousness among people in terms using technology in a proper way, to minimize the level of violence and frustration that arise as a result of misusing technology, we ask who takes legal responsibility for these behaviours? for this purpose, the measurement of (Violence of Technology) has been used in the field. The questions were prepared by the researchers, combined of (36) questions in an online form (google form), that were sent to the participants online, as a result, (300) participants have done the research survey.*

***Keywords:*** *criminal behaviour; technology; Media; Publications; violence*

# تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، کاریگەرییەکانی لەسەر هەڵچوونەکان و توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان

م. ی. هێمن حمدامین ابراهیم[1]
hemn.hibrahim@uor.edu.krd
م. ی. هەڤاڵ عبدالله حمد[2]
haval.abdulla@uor.edu.krd
م. ی. زکریا ابراهیم حاجی امین[3]
zakaria.ibrahim@uor.edu.krd
١-بەشی یاسا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
٢- بەشی زمانی عەرەبی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
٣- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

پەرەسەندنی جیهانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەنجامێکی دڵنیاییە، لەگەڵ زیاتر بوونی خواستی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکتری وایکردووە ئەم بوارە ببێتە جێگای دڵخوازی تاکەکانی کۆمەڵگا. لەلایەکی دیکەوە، ئەو پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەی بەسەر کۆمەڵگای عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووە وایکردووە تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بێتە ناو ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگا، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەوە لە سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەندان بەکارهێنەر دووچاری توندوتیژی و هەڵچوون و هەڕەشەکردن دەبنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕێگاکانی وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی چۆنیەتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی دروست ڕوونبکرێتەوە، ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی و هەڵچوونەکان کە لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە

سەرهەڵدەدەن، ئێمە دەپرسین ئایا کێ بەرپرسیاریەتیی یاسایی ئەو ڕەفتارانە دەگرێتە ئەستۆ؟ بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە پێوانەی (توندوتیژیی تەکنەلۆژیا) وەرگیراوە، کە پرسیارەکانی لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە و لە (٣٦) پرسیار پێکهاتووە و بە شێوەی فۆرمی ئۆنلاین (Google Forms) و بە ئۆنلاین بۆ بەشداربوان نێردراون، لە ئەنجامدا (٣٠٠) بەشداربوو ڕاپرسیی توێژینەوەکەیان ئەنجامداوە.

**وش کلیلییەکان**: ڕەفتاری تاوانکاری؛ تەکنەلۆژیا؛ ڕاگەیاندن؛ بڵاوکردنەوە؛ توندوتیژی؛ هەڵچوون.

# تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، کاریگەریەکانی لەسەر هەڵچوونەکان و توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان

## پێشەکی

### ناساندنی توێژینەوەکە

ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە باشترین ڕێگان بۆ زانینی زانست و پێکهاتەکانی کە دەتواندرێت لەم ڕێگەیەوە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکرێت، هەروەها ئەم بوارە بە هەموو داهێنانە جۆراوجۆرەکانیەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر جیهان بە گشتی و ژینگە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە، دەرهاویشتەکانی بۆتە هۆکاری دروستبوونی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە هزر و چۆنیەتیی ژیانکردنی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ئاست و چۆنیەتی و چەندیەتیی کارتێکردنیان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا بەگوێرەی پێشکەوتووی وڵات و شارەزایی تاکەکان لەم بوارەدا جیاوازە و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

گرنگیی تەکنەلۆژیا لە بوارە جیاوزەکانی ژیاندا وەکو ژینگە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سەربازی، زۆر بواری تر وایکردووە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریبهێنین، لە ئەنجامی ئەو بەکارهێنانەشدا هەندێکجار لێکەوتەی خراپ دروستدەبێت، لە دیارترین ئەو لێکەوتەکانەش بریتییە لە هەڵچوون و توندوتیژی، کە زۆر جار دەبنە هۆکاری دروستبوونی ڕەفتاری تاوانکاری. لە دەستوری عێراق لە ماددەی (٤٠) باس لە ئازادیی پەیوەندیکردن و ناردنی نامە و پۆستەی ئەلکترۆنی کراوە، لەم بوارەشدا چەندین یاسا دەرکراون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەبینین خراپبەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و تاوانەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ڕۆژانە لە زیادبووندایە.

## کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە بوارەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و – بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لە هەرێمی کوردستان لە یاسایەکدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکنەخراون، ئەو دەقانەی لەم بوارەشدا هەن، زۆر پەرشوبڵاو و ناڕوونن، هەروەها بە تەواوەتی نەتوانراوە بەرپرسیاریەتیی تاوانکاریی کەسەکان دیارییبکرێت، ئەمەش دادوەران دووچاری گرفت و کێشە دەکاتەوە لەکاتی هەڵسەنگاندنی ئەو وتە یان ڕەفتارەی کە ڕوویداوە تاوەکو بزاندرێت ئایا دەچێتە چوارچێوە و قاڵبی تاوان یاخود نا، بە واتایەکی تر دادگاکانی سزا ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لەو کێشانەدا، سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەی کەم لەم بوارەدا هەن بە جۆرێک کە توانیبێتی ڕاڤەی وردی دەقە یاساییەکانی تایبەت بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بکات (جعفر،٢٠٢٢). توێژینەوەکانی پێشووتر باسی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە لە چوارچێوەی ناکۆکییە ناشارستانییەکان لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە پەیوەندی بە کاریگەرییە نەرێنییەکانەوە، کشانەوە و دابڕان لە گفتوگۆکانی ئۆنلاین (Bode, 2016)، زیادبوونی مەودای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و گرووپەکان (Iyengar et al., 2012)، و زیادبوونی جەمسەرگیریی سۆزداری (Suhay et al., 2018)، دەرئەنجامەکانی فەیسبووک لە بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری و بەکارهێنانی لەلایەن گرووپە سیاسییەکان (Gallacher et al., 2021)، بەڵام باسی دەرئەنجامە یاساییەکان لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە نەکراوە بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان.

## گرنگیی توێژینەوەکە

ژیانی مرۆڤ بە بەهاترینە، یەکێک لەو بابەتانەی ڕۆژانە لە ژیاندا بەکاریدەهێنین بریتییە لە تەکنەلۆژیا لەبەرئەوە زۆر گرنگە بزانین چۆن مامەڵەبکەین لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەم بوارەدا سەرهەڵدەدەن، تاوەکو بەدووربین لە کاریگەرییە خراپەکانی، لێرەدا گرنگیی

توێژینەوەکەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چەندە پێویست و گرنگە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا بکرێت، لەبەرئەوە لە دوو لایەنەوە گرنگیی توێژینەوەکەمان بۆ ڕووندەبێتەوە؛ یەکەمیان لە لایەنی تیۆری؛ لەم ڕوانگەوە باس لە پایەو ڕەگەزەکانی دروستبوونی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت. دووەمیان لەلایەنی پراکتیکی؛ توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەنجامەکان و پشتبەستن بە داتای دەستکەوتوو لە ڕێگەی پرسیارنامەی بەکارهاتووە ئاستی هەڵچوون و توندوتیژی بەهۆی خراپبەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و ڕووندەکاتەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە و باسکردنی یاساکانی خراپبەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیە، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە توندوتیژی، هەڵچوون و هەڕەشەکردنەکان کە بەوهۆیەوە سەرهەڵدەدەن، هەروەها چارەسەری پێویستیش لە ڕووی یاسایی و دەروونییەوە پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت تاوەکو بەدووربین لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم بوارە.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە

١: پایەکانی دروستبوونی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە چین؟

٢: بەرپرسیاریەتیی تاوانکاریی کەسەکان لە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە چۆن درووستدەبێت؟

٣: ئایا توندوتیژی و هەڵچوونەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە تا چ ئەندازەیەک بەربڵاوە لە کۆمەڵگاکەماندا؟

٤: ئایا توندوتیژی و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا لە ڕووی ڕەگەز جیاوازیی هەیە؟

## سنووری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندایە، بەشداربوان لە هەردوو ڕەگەز لە تەمەنی (١٨ تا ٣٠ ساڵ) بەشدارییان تێدا کردووە لە ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

## میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە پەسنی شیکاری و چەندێتییە، لێکۆڵینەوەیە لە یاسا بەرکارەکان لەهەرێمی کوردستاندا لە بواری خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، هەروەها شیکردنەوەی ئەو توندوتیژی و هەڵچونانەیە کە بەوهۆیەوە سەرهەڵدەدەن لە ڕێگای پێوانەی (توندوتیژی تەکنەلۆژیا).

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە تاکەکانی ناو کومەڵگای کوردی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، ژمارەی بەشداربوان (٣٠٠) بەشداربوون لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەک لە خشتەی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە

| بەشداربووان | | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| نێر | 165 | 300 |
| مێ | 135 | |

## نمونەی توێژینەوە

توێژەران لەدوای گەڕان و بەدواداچوونیان بۆ توێژینەوەکانی پێشووتر و کتێبەکانی میتۆدی زانستی و ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزایان توانییان ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی

دیاریبکەن، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گریمانەیی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە کە بریتییە لە (٣٠٠) بەشداربوو.

**ئامرازی توێژینەوەکە**

ئەم بڕگەیە یەکێکە لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لەخۆیدەگرێت:-

**شیکردنەوەی بەندە یاساییەکان**

شیکردنەوەی ئەو بەندە یاساییانەی پەیوەندیدارن بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بە تایبەت یاساکانی:-

- یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

- یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان.

- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩).

**فۆرمی ڕاپرسی**

لەدوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەران بەسەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشووتردا بۆ گۆڕاوی (توندوتیژی و هەڵچوونەکان) توێژەران سوودیان لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی کوردی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران سوودیان لە پێوانەی توندوتیژیی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە، لە کۆی سوودوەرگرتن لەو توێژینەوانە توانییان (٣٦) بڕگە و چوار بژاردە (بەڵێ، هەندێک جار، دڵنیانیم، نەخێر) داڕێژراون کە بە شێوەیەک گونجاوبێت

لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا، دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجامدران، لەوانە:-

**دارشتنەوەی برگەکان**

توێژەران بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوانەکەیان گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشووتر و توانییان سوود لە دوو توێژینەوەی پێشووتر وەربگرن، کە بریتیبوون لە توێژینەوەکانی ( Duerksen and Woodin, 2019) و (Hassan, et al.,2020) بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە.

**راستگۆیی رواڵەت**

مەبەست لە ڕاستیی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تا چەند دیاردەکە دەپێوێت؟ بۆ ئەو مەبەستەش برگە و پرسیارەکان نیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە دراوە، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەرببڕن، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست چوار شارەزا و پسپۆڕی (ڕاگەیاندن و دەروونزانی)، بەپێی بۆچوونی ئەم شارەزایانە تەنها ئەو برگانە مانەوە کە ڕێککەوتوون لەسەر مانەوەیان، یاخود لابردنیان (٨٩٪) بوو، بەمشێوەیە لە کۆی (٣٦) برگە سەرجەمیان مانەوە سەرباری بوونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرانەوە، ڕاستێتیی توندوتیژی تەکنەلۆژیا (٩٣٪) بوو.

**جێگیریی ڕێگەی تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە**

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە، دووجار بەسەر هەمان نموونەدا جێبەجێدەکرێتەوە بە مەرجێک ماوەی زەمەنیان لە (١٤) ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستماندەکەویت ڕادەی جێگیریی پێوانەکە نیشاندەدات، جێگیریی پێوانەکە بە شێوازی (Test-retest)ە، بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٨) پێوانەکە بەسەر (٢٥) بەشداربوو جێبەجێکرا کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتبوون لە ڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٢٢) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە،

دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسن (Pearson) دۆزرایەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییە لە (0.875 ) ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆئەوەی کە جێگیریی پێوانەکە بەرزە، بەڵگەدارە لە p<0.05 هەر وەک لە خشتەی (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٢) هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی توندوتیژی تەکنەلۆژیا

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 166.9600 | 2.77609 | 0.875 |
| دووەم | 166.5200 | 2.81543 | |

**جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی کۆتایی**

دوای دڵنیابوونی توێژەران لە ڕاستی و جێگیری ئامڕازەکەیان فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەسەر نموونەی توێژینەوەکەیاندا بە شێوەی کۆتایی دابەشکرد کە پێکهاتبوو لە (٣٢٥) بەشداربوو لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پرسیارەکان بە شێوەی فۆرمی ئۆنلاین ( Google Forms) نووسران و بە شێوەی ئۆنلاین بۆ بەشداربوان نێردران، دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەرانەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوایان لە بەشداربوان کرد بە وردی و ڕوونی وەڵامی گشت برگەکان بدەنەوە، دواتر سەرجەم فۆرمی ڕاپرسییەکە کۆکرایەوە کە تەنیا (٣٠٠) فۆرم بە دروستی وەڵامدرابووییەوە.

بۆ شیکردنەوەی داتاکان سوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی (٢٥) وەرگیراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە چەند باسێکی سەرەکی پێکدێت کە ئەمانەن: ناساندنی چەمکە سەرەکییەکان، دەستەواژەی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پایەکانی، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان.

## باسی یەکەم: ناساندنی چەمکە سەرەکییەکان

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر ڕوونکردنەوە و ناساندنی چەمکە پەیوەندیدارەکان بە ناونیشانی توێژینەوەکە، لە دووتوێی چەند لقێکدا بەم شێوازەی لای خوارەوە:

### لقی یەکەم: ئامێرە تەکنەلۆژییەکان

دەتوانین بڵێین ئامێرە تەکنەلۆژییەکان ئەو ئامراز و ئامێرە ڕەقەکاڵا یان ئەلیکترۆنی و سیستەمانەن کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت دیزاینکراون (Webster, et al.,2000)، زۆرجار بە شێوەی دیجیتاڵی بەکاردەهێنرێن (Khosrow-Pour, 2020).

### لقی دووەم: ڕاگەیاندن

دەکرێت ڕاگەیاندن پێناسەبکرێت بەوەی کە شێوەی فرەیی میدیایە، ئاماژەیە بۆ ئەو کەناڵانە یان پلاتفۆرمانەی کە بۆ گواستنەوەی زانیاری، پەیام، یان ناوەڕۆک بۆ بینەرێکی زۆر بەکاردەهێنرێن، میدیا فۆرمی جۆراوجۆری وەک چاپ، پەخش، دیجیتاڵی و سۆشیال میدیا لەخۆدەگرێت، کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندیکردن ڕوودەدات (Donsbach 2015).

### لقی سێیەم: بڵاوکراوە

فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرد بەم شێوەیە بڵاوکراوە دەناسێنێت "خستنەبەردەستی زانیارییە بۆ خەڵک یان ئامادەبوانێکی دیاریکراو لە ڕێگەی میدیای چاپکراو، دیجیتاڵی یان ئۆنلاین، کە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانی وەک کتێب، گۆڤار، گۆڤاری زانستی، ڕۆژنامە یان پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان" ئەم زانیارییانە دەگەیەندرێت بە خەڵک (Oxford English Dictionary, 1976).

**لقی چوارەم: هەڵچوونەکان و توندوتیژی**

بە شێوەیەکی گشتی هەڵچوون و توندوتیژی ئاماژەیە بۆ شێوەکانی تێکچوون و پشێوی بەرچاو لە ناو کۆمەڵگادا.

**یەکەم: هەڵچوونەکان**

بەپێی فەرهەنگی دەروونناسی کۆمەڵەی دەروونناسیی ئەمریکی (APA) شەڕانگێزی و هەڵچوون پێناسەدەکرێت بەوەی ڕەفتارێکە بە مەبەستی زیانگەیاندن یان برینداركردنی بوونەوەرێکی زیندوو، کە پاڵنەرێکی دیاریکراوی هەیە. یان دەتوانین بڵێین هەڵچوونەکان بریتین لە جووڵە یان گۆڕانکارییەکی کتوپڕ و توندوتیژ و زۆرجار تێکدەرەکە ڕێڕەوی ئاسایی یان کارکردنی شتێک تێکدەدەن (Dictionary, Merriam-Webster,2002). هەڵچوون حاڵەتێکی ویژدانیی بەهێزی کتوپڕی لەناکاوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆئەندامی جەستەیی و دەروونیی تاک دەبێت و کۆمەڵێک نیشانە و دیاردە لە تەک خۆیدا دەهێنێ و باری هەڵچوونی مرۆڤی پێ دیاریدەکرێت. (عزیز، ٢٠١٤: ٦١)

**دووەم: توندوتیژی**

توندوتیژی بریتییە لە هەر ڕەفتارێک کە مەبەست لێی ئازارگەیاندن بێت بە کەسی بەرانبەر چ بە شێوەی جەستەیی یا دەروونی جا لە ڕێگەی قسەکردن بێت یان کردار (حسن ،٢٠١٩: ٥٧).

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی توندوتیژی پێناسە دەکات بەوەی، کە مەبەستێکە لە بەکارهێنانی هێز یان توندوتیژیی جەستەیی، هەڕەشەکردن، ئازاردانی خود، ئازاردان دژی کەسێک یان گرووپێک یان کۆمەڵگەیەک لە ئەنجامدا بە ئەگەری زۆر برینداربوون، ئازاری جەستەیی یان مردن ڕوودەدات، توندوتیژی دەکرێت زیانگەیاندن بێت بە لایەنی دەروونی یاخود دواکەوتوویی ژیری (Health Organization, 2011 World). پارێزەران دەڵێن کردەوەی توندوتیژی بریتییە لە کردەوەی شەڕانگێزی و بێئەدەبی کە کەسێک بەرانبەر بە کەسانی دیکە ئەنجامی

دەدات زیانێکی بەرچاو یان کەمبایەخ یان بریندارکردنیان پێدەگەیەنن، ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی هەمیشەیی جەستەیی. (Celik, et al.,2022)

توندوتیژی بریتییە لە بریندارکردنی کەسی بەرانبەر جا دەروونی بێت یان جەستەی، هەندێکجار توندوتیژیی دەروونی کوشندەترە لە توندوتیژیی جەستەیی، چونکە توندوتیژی هەر ئەوە نییە توندوتیژکار هێرش بکاتە سەر کەسی تاوانلێکراو و خوێنی لێبێنێت، بەڵکو هەندێک جار قسەیەک کاریگەری لە چەقۆیەک زیاترە، دەروونناسی ئەمریکیی بەناوبانگ (سکینەر) دەڵێت: توندوتیژی لە بیرکردنەوە سەرچاوە دەگرێت، دواتر دەبێتە ڕەفتار، ئەگەر نەبێت بە ڕەفتاریش ڕەنگە بە جۆرێکی تر دەرببڕدرێت (Skinnier, et al.,2014).

## باسی دووەم: دەستەواژەی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پایەکانی

ئازادی یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ جەختی لێکراوەتەوە، بەوەی کە هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی کەسیی هەیە، لە دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا لە بەندی دووەم/ بەشی دووەم باس لە ئازادییەکانی تاکەکان دەکات، یەکێک لەو ئازادییانە بەکارهێنان و سوودوەرگرتنە لە تەکنەلۆژیا و ئامێر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و ئینتەرنێت کە لە ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی مرۆڤ هەیە لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی لە دروستکردنی ڕای گشتی، هەروەها ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە، لەبەرئەوەی زۆرجار لە ڕێگەی ئەمەوە ڕەخنە لە ئەدای کاری حکومەت دەگیرێت و هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئاشکرا دەکرێت (سعود، ٢٠٠٩: ٢٧٢). بەڵام ئەم ئازادییەش بە یاسا و لەپێناو پاراستنی (بەرژەوەندی، سیستم و ئاداب)ی گشتی و بەرژەوەندیی تایبەتیی تاکەکان کۆتکراوە، یاسا سزاییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و تاوانەکانی بواری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیان لە چەندین یاسادا بە تاوان هەژمارکردووە بە

شێوەیەک ئەگەرهاتوو ئەو خراپ بەکارهێنانە دەستدرێژی تێدابێت بۆ سەر مافی گشتی یان مافی تایبەتی تاکەکان. (جعفر، ٢٠٢٢: ٧)

بۆ ئەم مەبەستە ئەم باسە دەکەین بە دوو لق، لە لقی یەکەمدا باسی پێناسەی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەکەین و لە لقی دووەمدا، باس لە پایەکانی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەکەین.

**لقی یەکەم: پێناسەی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە**

پێناسەیەکی یەکگرتوو نییە کە یاساناسان کۆک بن لەسەری بۆ پێناسەکردنی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، بەڵام دەکرێت بڵێین زیاتر لە تاوانی جۆری شکلی نزیکن، بەڵام نەک بە شێوەیەکی ڕەهایی، واتە دەکرێت بڵێین خۆی لە بەکارهێنانی ئامێرە دروستکراوەکانی بواری تەکنەلۆژیا دەبینێتەوە کە وەکو وەسیلەیەک بەکاردەهێندرێن بۆ دەربڕینی بیروڕایەک بە پێچەوانەی ئەوەی یاسا ڕێگای پێداوە، بە واتایەکی تر دەتواندرێت بوترێت ئامێرە پێشکەوتووەکانی بواری تەکنەلۆژیا وەکو (مۆبایل، تەلەفۆنی خانەیی، ئینتەرنێت، سۆشیال میدیا، ئەپە جۆراوجۆرەکان، تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆو، هتد...) وەکو وەسیلەیەک بەکاردەهێندرێن بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونێک کە یاسا ڕێگای نەداوە بە دەربڕینی ئەو ڕاوبۆچوونە. (جعفر، ٢٠٢٢: ٧-٨) بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هەندێک جار تەنیا بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بە شێوەیەکی خراپ تاوان دروستدەکات، هەروەها هەندێکجار ئەو ئامێرانە بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان ناوزڕاندن بەکاردەهێندرێن. (عثمان، ٢٠١٧: ٢٧)

**لقی دووەم: پایەکانی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە**

بۆئەوەی ڕەفتارێک بە تاوان دابنرێت پێویستە پایەکانی دروستبوونی تاوان لەو ڕەفتارەدا بێتەدی کە لە یاسادا دیاریکراوە، پایە گشتییەکانی تاوانیش بریتین لە پایەی {شەرعی، مادی و واتایی(معنوی)} (الخلف؛ الشاوي، ٢٠١٥: ١٣٧). لە هەندێک تاوانی دیاریکراودا یاسادانەر جگە لە پایە گشتییەکانی تاوان پایەی تایبەتیشی دیاریکردووە، کە لەپاڵ پایە گشتییەکاندا پێویستە هەبێت لەو ڕەفتارەدا تاوەکو بە تاوان هەژماربکرێت. (عمر، ٢٠١٦: ٩٨)

لێرەدا پێویستە باس لە هەریەک لە پایەکانی تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بکەین، تاوەکو ڕوونببێتەوە بۆمان کە ئایا چۆن ئەم تاوانانە دروستدەبن:-

**یەکەم: پایەی شەرعی**

مەبەست لە پایەی شەرعیی تاوان بریتییە لەو خەسڵەتەی کە یاسا دەیسەپێنێت بەسەر ڕەفتارێک یان قسەیەک و بەهۆیەوە ئەو ڕەفتارە یان ئەو قسەیە لە بارودۆخێکی ئاسایی دێتە دەرەوە و دەبێت بە تاوان. (ابراهيم، ١٩٦٧: ٢٨) بەو پێیەش بێت پێویستە دەقێکی یاسایی هەبێت کە ڕەفتارێک یان وتەیەک بە تاوان هەژماربکات و سزای بۆ دابنێت بۆئەوەی ببێت بە تاوان، ئەمەش پاڵپشت بەو بنەما یاساییەی کە دەڵێت (هیچ تاوان و هیچ سزایەک نییە تەنها بە دەقێکی یاسایی نەبێت)، ئەم بنەمایە لە ماددەی (١٩) بڕگەی دووەم لە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ی بەرکار لە عێراق جەختی لێکراوەتەوە کە دەڵێت (هیچ کەسێک تاوانبار ناکرێت و سزا نادرێت تەنها بە دەق نەبێت...)، هەروەها لە(ی. س. ع) ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لە ماددەی (١) هاتووە (سزا نییە لەسەر کردارێک یان نەکردنی کردارێک تەنها بەهۆی دەقێکی یاسایی نەبێت کە کردبێتی بە تاوان...). بێگومان بوونی پایەی شەرعی گرنگیی تایبەتی هەیە بۆ گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان کە لە دەستووری عێراقدا باسی لێوەکراوە، لەبەرئەوە لێرەدا ئەوەمان بۆ

دەردەکەوێت کە پایەی شەرعی یەکێکە لەو پایانەی کە تاوانی لەسەر بنیاددەنرێت بە جۆرێک ئەگەرهاتوو ئەم پایەیە نەبوو، ئەوا تاوانیش نابێت و پێویست ناکات بەدوای پایەکانی تردا بگەڕێین. (الخلف؛ الشاوي، ٢٠١٥: ١٥٢)

بۆ زانین و دیاریکردنی پایەی شەرعی لە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاسا بەرکارەکان، دەبینین لەم بوارەدا چەندین یاسامان هەیە وەکو (یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)، (یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان)، (یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، (یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لەم یاسایانەدا بە چەندین دەقی یاسایی باس لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە کراوە، بەپێی ئەمەش بێت پایەی شەرعی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە هەیە. (ناجی، ١٩٧٤: ١٧)

**دووەم: پایەی ماددی (الركن المادی)**

پایەی ماددیی تاوان بریتییە لەو ڕەفتارە ماددییە دەرەکییەی کە بە دەقی یاسا بە تاوان دادەنرێت، لەبەرئەوە ئەوەی لە بیر و هزری مرۆڤدایە بە تاوان دانانرێت تاوەکو نەیەتە بواری جێبەجێکردنەوە (الخلف؛ الشاوي، ٢٠١٥: ١٣٨). لە ماددەی (٢٨)ی (ی. س. ع) پێناسەی پایەی ماددیی تاوانی کردووە و پێمان دەڵێت کە پایەی ماددیی تاوان (ڕەفتارێکی تاوانکارییە بە ئەنجامدانی کارێک کە یاسا ئەنجامدانی ئەو کارەی قەدەغەکردووە یان نەکردنی کارێک کە یاسا فەرمانی کردووە بە کردنی ئەو کردارە). بۆئەوەی لە پایەی ماددیی تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە تێبگەین پێویستە باس لە توخمە پێکهێنەرەکانی بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### ١: ڕەفتاری تاوانکاری

مەبەست لە ڕەفتاری تاوانکاری ئەو چالاکییە ماددییە دەرەکییەیە کە تاوان پێکدێنێت و بەبێ ئەو تاوان نابێت (الخلف؛ الشاوي، ٢٠١٥: ١٣٩). لە ماددەی (٢٨)ی (ی. س. ع) کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە بە ڕوونی دیارە کە ڕەفتار هەم ئەنجامدانی کار هەم نەکردنی لەخۆی دەگرێت لەهەردوو بارەکەشدا ئەوەی دێتەدی سەرپێچیکردنی یاسایە. ڕەفتاری تاوانکاری لە تاوانی خراپ - بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە خۆی دەبینێتەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە. لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق هاتووە (هەر کەسێک گەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یا ئامێرێکی پەیوەندیکردنی تەلدار یان بێتەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ مەبەستی... بەکارهێنا...) لەم ماددەیەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان تاوانە و یاسا قەدەغەیکردووە، کەواتە ڕەفتاری تاوانکاری لەم جۆرە تاوانەدا بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیانە. هەروەها لە بەشی سێیەم ماددەی شەشەم بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان هاتووە (ئەگەر ڕۆژنامە زانیاریی نادروستی بڵاوکردەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە بابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە، یاخود یەکێک لە میراتگرانی، یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای ڕاستکردنەوەی بکات و وەڵامی هەواڵ یان وتارەکە بداتەوە، پێویستە سەرنووسەریش ڕاستکردنەوە یاخود وەڵامدانەوەکە لە یەکێک لە دوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەکە لە هەمان جێ و بەهەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاوکراوەتەوە بڵاوبکاتەوە) لەم ماددەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەفتاری تاوانکاری خۆی دەبینێتەوە لە بڵاونەکردنەوەی وەڵامدانەوە لەلایەن سەرنووسەری ڕۆژنامە. بە واتایەکی تر، ئەگەرهاتوو ڕۆژنامەیەک هەواڵێکی ناڕاستی بڵاوکردەوە ئەوا یاسا پێویستی کردووە لەسەر سەرنووسەری ڕۆژنامە کە ئەو هەواڵە ناڕاستە

لەسەر داواکاری ئەو کەسەی هەواڵەکەی پێ پەیوەستە ڕاستبکاتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر بێت و ڕۆژنامە بەم کارە هەڵنەستێت، ئەوا لە برگەی دووەمی هەمان ماددەدا سزای یاسایی بۆ داناوە. هەروەها لە ماددەی نۆیەم برگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان هاتووە (ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر، بە بڕێک پارە غەرامە دەکرێن... کاتێک یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:-...) لەم ماددەیەشدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕەفتاری تاوانکاری بریتییە لە کاری بڵاوکردنەوە بە جۆرێک لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەو بابەتانەی کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە ئەوا لێپرسینەوەی سزایی لەگەڵ سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسدا ئەنجامدەدرێت. هەروەها لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق هاتووە {هەموو ئەو ڕیکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی (سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستیی گشتی و مافەکانی مرۆڤن) ڕێگەپێنەدراون لە هەرێمی کوردستان-عێراق} و لە ماددەی (٤) برگەی یەکەم لە هەمان یاسادا هاتووە (ئەگەر ڕیکلامێک بڵاوکرایەوە، پێچەوانەی ماددەی (٣) ئەوا ... داخوازیکاری ڕیکلام، بەرهەمهێنی ڕیکلام و بڵاوکەرەوەی ڕیکلام، سزا دەدەرێن بە...) لەم ماددەیەشدا بەهەمان شێوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕەفتاری تاوانکاری خۆی دەبینێتەوە لە کرداری بڵاوکردنەوە.

## ٢: ئەنجام

ئەنجام توخمی دووەمە لە توخمەکانی پێکهێنەری پایەی مادی تاوان کە خۆی دەبینێتەوە لەو گۆڕانکارییانەی کە دروستدەبن لە جیهانی دەرەوەدا بەهۆی ڕەفتارە تاوانکارییەکەوە. بە واتایەکی تر، ئەنجام ئەو لێکەوتەیە بەهۆی ئەو ڕووداوەی کە ڕوودەدات، (ڕەفتارە تاوانکاریەکە) دروستدەبێت و دەتواندرێت هەستی پێبکرێت بە یەکێک لە هەستەوەرەکان (التميمی، ٢٠١٩: ٧٥). هەروەها مەرج نییە گشت تاوانەکان ئەنجامی ماددییان هەبێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانرێت بەپێی ئەنجامەکان تاوانەکان بکرێن بە دوو پۆلەوە؛ یەکەمیان تاوانە ماددییەکان، ئەو

جۆرەیان ئەو تاوانانەن کە دەبێت زیان و ئەنجام هەبێت و دەربکەوێت بۆئەوەی بەرپرسیاریەتیی ئەنجامدەر (تاوانبار) دروستببێت نموونەی ئەم جۆرە لە تاوان وەکو تاوانی کوشتن کە ئەنجامەکە بریتییە لە مردن، واتە دەبێت مردن ڕووبدات تاوەکو تاوانبار لێپرسینەوەی لە تاوانی کوشتن لێبکرێت و بەرپرسیاریەتیی تاوانی کوشتن هەڵبگرێت. پۆلێنی دووەمیان؛ بریتییە لە تاوانە شکلییەکان، ئەم جۆرەشیان بریتین لەو تاوانانەی کە تەنها ئەنجامدانی ڕەفتارە تاوانکارییەکە کافیە بۆئەوەی تاوانەکە دروستببێت و لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرەکەی (تاوانبارەکە) بکرێت. (الخلف؛ الشاوي، ٢٠١٥: ١٤٠) کاتێک سەیری تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەکەین دەبینین ئەم تاوانانە لە جۆری دووەمیانن واتە تاوانی شکلین، چونکە ئەنجامەکەی ئەوەیە کە پێگە و کەسایەتیی تاوانلێکراو لەکەدار دەکرێت یان لە ڕووی دەروونییەوە ترس و دڵەڕاوکێ لەلای تاوانلێکراو دروستدەبێت یاخود زیان بە سیستمی گشتی و ئادابی گشتی دەگەیەنرێت، هەروەکو لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق هاتووە (...کە ترس پەیدا دەکات... وێنەی چەسپاو و جوڵاو یان کورتیلە نامە (مسج) بڵاوکردەوە کە لەگەڵ خووڕەوشتی گشتیدا ناگونجێت... یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی پەیوەست بە نهێنیی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە... ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سوکایەتی یاخود زیانیان پێبگەیەنێ...). هەروەها لە ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان هاتووە {... کاتێک یەکێک لەم خاڵانەی بڵاوکردەوە (... سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان، سوکایەتیکردن بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئاین و ئاینزایەک و لەکەدارکردنیان، هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنییەکانی ژیانی تاکەوە هەبێت... بە بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەدارکردنی، جنێودان و توانجی ناڕەواو ناوزڕاندن...)}، هەروەها لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق هاتووە (هەموو ئەو ڕیکلامە بازرگانییانەی کە

پێچەوانەی (سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستیی گشتی و مافەکانی مرۆڤن) ڕێگەپێنەدراون لە هەرێمی کوردستان–عێراق) کەواتە ئەگەر بە تێگەیشتنی پێچەوانە لە مادده (٣) وەربگرین بۆمان ڕوونەبێتەوە کە ئەگەر هاتوو ڕیکلامە بازرگانییەکە پێچەوانەی سیستمی گشتی یا ئادابی گشتی یا هەریەک لەوانەبێت کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەوا تاوان دروستدەبێت، کەواتە لێرەدا بۆمان ڕوونەبێتەوە کە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە تاوانێکی شکلیە، واتە بە تەنها خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان یاخود بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن بە مەرجی هەبوونی پایەکانی تر ئەوا تاوانەکە دروستدەبێت و تاوانبار لێپرسینەوەی سزایی لەگەڵدا دەکرێت.

**٣: پەیوەندیی هۆکاریەتی لە نێوان ئەنجامی بەدیهاتوو و ڕەفتارە تاوانکارییەکە**

پەیوەندیی هۆکاریەتی بریتییە لەو پەیوەندییەی کە ڕەفتارە تاوانکارییەکە بە ئەنجامە بەدیهاتووەکە دەبەستێتەوە، بۆمان دەسەلمێنێت، کە ڕەفتارە تاوانکارییەکە بۆتەهۆی هاتنەدی ئەو ئەنجامە، هەر لەبەرئەوەشە کە بە تەنها بەدیهاتنی هەردوو توخمی ڕەفتاری تاوانکاری و ئەنجامی بەدیهاتوو نابنە هۆی دروستبوونی پایەی ماددی ئەگەر بێت و پەیوەندیی هۆکاریەتی نەبێت لە نێوان ڕەفتارەکە و ئەنجامە بەدیهاتووەکە (الدره، الأحمد، المصاره، ٢٠٠٠: ٤٤). لەبارەی پەیوەندیی هۆکاریەتی چەندین تیۆر هەن وەکو تیۆری یەکسانیی هۆکارەکان، تیۆری هۆکاری گونجاو، هتد... (ابراهیم، ٢٠٢١: ٧٠). لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لە ماددەی (٢٩)دا هاتووە، کە (هیچ کەسێک لەبارەی تاوانێکەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت کە لە ئەنجامی ڕەفتاری تاوانکاری ئەو نەبووبێ، بەڵام لێپرسینەوەی لەو تاوانە لێدەکرێت کە هاتۆتەدی ئەگەرهاتوو ڕەفتارە تاوانکارییەکەی بەشداربوو لە هاتنەدیی ئەو تاوانە جا ئەو بەشداری کردنەی بە هۆکارێکی پێشوو یا هاوکات یان داهاتوو بێت هەتا ئەگەر لێشی بێئاگا بووبێت. بەڵام ئەگەر هاتوو هۆکارێک بەتەنها کافی بوو بۆ هاتنەدیی ئەو دەرئەنجامە تاوانکارییەی هاتۆتەدی ئەوا لەو کاتەدا بکەر لێپرسینەوەی لەسەر ئەو ئەنجامەی هاتۆتەدەی لێناکرێت، بەڵکو تەنها لەسەر ئەو

ڕەفتارەی ئەنجامیداوە لێپرسینەوەی لێدەکرێت). لەم ماددەیەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە یاسادانەی عێراقی بە تیۆری یەکسانیی هۆکارەکان و تیۆری هۆکاریەتی گونجاو(کافی) وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی هۆکاریەتی (ابراهیم، ٢٠٢١: ٧٧). بە تێڕوانین لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە ماددەی دووەم هاتووە (... ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سووکایەتی یاخود زیانیان پێبگەیەنێ...)، هەروەها لە ماددەی نۆیەم بڕگەی (٤) لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان هاتووە (هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنیی ژیانی تاکەوە هەبێ، هەرچەندە ڕاستیش بێ، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەداربوونی) لەم دوو ماددەیەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە دەبێت ئەو ڕەفتارە تاوانکارییەی ئەنجامدراوە بووبێتە هۆی ئەو ئەنجامەی هاتۆتەدی، لەبەرئەوە ئەگەر هاتوو وانەبوو بەڵکو ئەو ئەنجامەی هاتۆتەدی بەهۆکارێکی تر بوو، ئەوا لەو کاتەدا بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی هۆکاریەتی لە نێوان ڕەفتارە تاوانکارییەکە و ئەنجامە بەدیهاتووەکە لێپرسینەوە لە ئەنجامدەری ئەو ڕەفتارە تاوانکارییە ناکرێت.

### سێیەم: پایەی واتایی (الركن المعنوی)

ئەگەر پایەی مادی لایەنە دیار و دەرەکییەکەی تاوان بێت ئەوا پایەی واتایی لایەنە دەروونی و نەفسیەکەیەتی، واتە بۆئەوەی لێپرسینەوە لە ئەنجامدەری تاوانی بەئەنقەست ئەنجامبدرێت پێویستە سەرەڕای بوونی پایەی ماددی پێویستە پایەی واتاییش هەبێت (حسنی، ١٩٨٨: ٤٩). پایەی واتایی تاوان خۆی دەبینێتەوە لە هەبوونی مەبەستی تاوانکاری لەلای ئەنجامدەری تاوان، مەبەستی تاوانکاریش لە ماددەی (٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) ناسێندراوە بەوەی کە (بریتییە لە ئاراستەکردنی ویست لەلایەن بکەر بۆ ئەنجامدانی کارێک کە پێکهێنەری تاوانە بە ئامانجی هاتنەدی ئەو دەرئەنجامەی کە لەو تاوانە ڕوویداوە و هاتۆتەدی یاخود هەر دەرئەنجامێکی تاوانکاریی تر). کەواتە پاڵپشت بەم ماددەیە بۆئەوەی بەرپرسیاریەتیی

تاوانکاری دروستببێت پێویستە دوو مەرج هەبێت؛ یەکەمیان دەبێت ئەنجامدەر جیاکردنەوە (الادراک)ی هەبێت. دووەمیان پێویستە ئەنجامدەر ویست (إرادة)ی هەبێت. (حسنی، ١٩٧٨: ٣٣)

لە تاوانەکانیی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە پێویستە ئەو ڕەفتارە تاوانکارییەی ئەنجامدەدرێن پەیوەست بن بە پایەی واتایی (الركن المعنوي)ەوە، واتە دەبێت تاوانکار ویستی خۆی ئاراستە بکات بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێک کە لەکاتی جێبەجێکردنیدا مەبەستێکی تاوانکاریی هەبێت، هەروەها دەبێت ئەنجامدەر زانینی هەبێت کە ڕەفتارەکەی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە تاوانلێکراو، مەبەستی تاوانکاریش خۆی لە دوو توخم دەبینێتەوە ئەوانیش بریتین لە {زانین (العلم)؛ ویست (الارادة)}، لێرەدا باس لەم دوو توخمە دەکەین تاوەکوو بۆمان ڕوونببێتەوە، کە چۆن پایەی واتایی لەم تاوانانە دروستدەبێت:-

**توخمەکانی مەبەستی تاوانکاری**

**١:زانین (العلم)**

زانین وەک توخمێک لە توخمەکانی مەبەستی تاوانکاری پێویستە لەلای ئەنجامدەری تاوانەکە هەبێت، واتە بزانێت کە ئەو ڕەفتارەی دەیکات دەبێتە هۆی دروستبوونی تاوان، لە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەدا پێویستە ئەنجامدەر بزانێت کە تاوانەکەی خۆی دەبینێتەوە لەو وتە و نووسین و ئاخاوتن و هەموو ئەوانەی لە حوکمی ئەمانەن، و زانیاریی هەبێت بە بڵاوکردنەوە و دابەشکردن و پەخشکردنیان (عثمان، ٢٠١٧: ٩٧). لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا هاتووە (... بە مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن (قذف) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو کە ترس پەیدادەکات... یان دزەی بە گفتوگۆ کرد یان وێنەی چەسپاو و جووڵاویان کورتیلە نامەی(مسج) بڵاوکردەوە کە لەگەڵ خووڕەوشتی گشتیدا ناگونجێت یان بێڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری

بەدڕەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی پەیوەست بە نهێنیی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە...) لەم ماددەیەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دەبێت تاوانبار بزانێت بەو بەکارهێنانەی کە بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان دەیکات بەهۆیەوە هەڕەشە یان جنێو یا تۆمەت بۆ یەکێک یاخود دەبێت بزانێت بە بڵاوکردنەوەی ئەو پۆست یان وتە یان نووسین یان ئەوانەی لە حوکمی ئەمانەن ترس و دڵەڕاوکی دروستدەکات، یاخود دەبێت بزانێت کە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە جوولاوانە یان کورتە نامانە لەگەڵ خووڕەوشتی گشتیدا ناگونجێن کە لە کۆمەڵگەدا باوە، یاخود بزانێت بە بڵاوکردنەوەی ئەمانە شەرەفی کەسێک یا کەسانێک و لایەنێک لەکەدار دەبێت، یاخود بە بڵاوکردنەوەی ئەمانە خەڵک هاندەدات بۆئەوەی تاوان ئەنجامبدەن، یاخود بزانێت بابەتێک بڵاودەکاتەوە کە پەیوەستە بە نهێنیی ژیانی تایبەت یان خێزانی، هەتا ئەگەر ئەو زانیارییانە ڕاستیش بن، کەواتە ئەگەر هاتوو تاوانبار ئەو زانینەی نەبوو واتە نەیدەزانی کە ڕەفتارەکەی دەبێتە هۆی یەکێک لەوانەی باسمانکرد، ئەوا لێپرسینەوەی لەسەر تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لێناکرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەنجامدەر بیسەلمێنێت کە ئەو بابەتەی بڵاویکردۆتەوە بۆ مەبەستی تۆمەت هەڵبەستن نەبووە، بەڵکو تەنها ویستوویەتی بابەتێکی هۆشیاری بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بڵاوبکاتەوە، ئەوا لێپرسینەوەی لە تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان لێناکرێت. هەروەها لە ماددەی نۆیەم برگەی (٤) لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان هاتووە (هەر بابەتێک پەیوەندی بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێت، هەرچەندە ڕاستیش بێت بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەداربوونی) لێرەدا ئەگەر ڕۆژنامەنووس یان سەرنووسەر بیسەلمێنێت کە ئەو بابەتەی بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەکە نەیزانیوە، کە دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسێک یا کەسانێک بەڵکو بە پێچەوانەوە بە ڕەزامەندیی خۆیان بووە و وایزانیوە بەهۆی ئەم بڵاوکردنەوە بۆ نموونە یارمەتییەکی دارایی بۆ کەسەکە کۆدەکرێتەوە ئەوا لەم کاتەدا بەهۆی نەبوونی زانینەوە مەبەستی تاوانکاری لای ئەنجامدەر نابێت، بەمەش ناتواندرێت لێپرسینەوەی لەسەر تاوانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن لێبکرێت؛ هەروەها لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای

ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق هاتووە (هەموو ئەو ڕیکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی (سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستیی گشتی و مافەکانی مرۆڤن) ڕێگەپێنەدراون لە هەرێمی کوردستان-عێراق) لێرەشدا ئەگەر هاتوو ئەنجامدەر بتوانێ بیسەلمێنێت کە نەیزانیوە ئەو ڕیکلامەی بڵاویکردۆتەوە پێچەوانەی سیستەمی گشتی یان تەندروستیی گشتی یان هتد... هەروەکو لە ماددەکەدا هاتووە ئەوا لێپرسینەوەی لەسەر تاوانی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی بازرگانی پێچەوانەی سیستەمی گشتی لێناکرێت.

**٢: ویست (الارادة)**

ویست توخمێکە لە توخمەکانی پێکهێنەری مەبەستی تاوانکاری، کە بەهۆیەوە تاوانەکە دەبێتە تاوانێکی بەئەنقەست. دەتوانین بڵێین ویست هێزێکی دەروونییە کە مرۆڤ پشتی پێدەبەستێت بۆئەوەی ڕەفتارێک ئەنجامبدات (عبدالعالسلطان، ٢٠٠٢: ٣٦١). بەڵام ئەو ویستەی لە ڕووی یاساییەوە شایستە بەوەیە لێپرسینەوەی سزایی لەگەڵدا بکرێت ویستێکە کە تەواو ئازاد بێت، واتە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی هیچ جۆرە فشار و زۆرلێکردنێک ئەمەش پاڵپشت بە ماددەی (٦٢) لە یاسای سزادانی عێراقی باس لەوە دەکات (لايسأل جزائيا من اكرهته على ارتكاب الجريمة قوة مادية او معنوية لم يستطع دفعها)، کەواتە ئەگەرهاتوو ویستی ئەنجامدەر ئازاد نەبوو، بەڵکو لەژێر فشاردا بوو، بە شێوەیەک کە نەتوانێ ئەو فشارە لەسەر ویستەکەی لابەرێت، ئەوا لێپرسینەوەی سزایی لەسەر ئەو ڕەفتارە لەگەڵدا ناکرێت. (الخلف؛ الشاوی، ٢٠١٥: ١٥٠)

سەبارەت بە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، بەتێبینیکردن لەو ماددانەی کە لە یاساکانی (یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) هاتوون دەبینین کە لە هیچ ماددەیەک بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە باسی کاریگەریی ویست لەسەر بەرپرسیاریەتیی

سزایی نەکراوە تەنها لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا نەبێت، کە باس لەوە دەکات (ئەگەر کەسێک بە خراپی... بە مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن....) لێرەدا ماددەکە باس لە مەبەستی تاوانکاری دەکات، ئێمە دەزانین کە مەبەستی تاوانکاری پێکدێت لە دوو توخم (زانین، ویست)، هەروەها لە ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان باس لەوە دەکات ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر بە بڕێک پارە غەرامە دەکرێن، ئەگەر بێت و یەکێک لەمانەی لە یاساکەدا هاتووە بڵاوبکەنەوە، بەڵام باسی لەوە نەکردووە کە ئەگەر هاتوو بەزۆر پێیان بڵاوکرابووەوە لەم کاتەدا حوکم چی دەبێت؟ هەروەها لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا تەنها باس لەوە دەکات کە (هەموو ئەو ڕیکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی سیستەمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی،... ڕێگەپێنەدراون) و لە ماددەی (٤)ی هەمان یاسادا هاتووە (ئەگەر ڕیکلامێک بڵاوکرایەوە پێچەوانەی ماددەی (٣) بوو ئەوا ... داخوازیکاری ڕیکلام، بەرهەمهێنی ڕیکلام و بڵاوکەرەوەی ڕیکلام سزادەدرێن...) بەڵام کاتێک سەرنجدەدەین لەم ماددەیەش دەبینین باسی لەوە نەکردووە، ئەگەر هاتوو بەزۆر ئەو ڕیکلامەیان پێ بڵاوکرابێتەوە لەو کاتەدا حوکم چی دەبێت؟ ئەمەش کەموکوڕییە لە یاساکەدا، لەبەرئەوە ئێمە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بۆ بابەتی ویست دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بنەما گشتییەکانی بەرپرسیاریەتیی تاوانکاری لە یاسای سزادانی عێراقی کە لە دەروازەی چوارەم/ بەشی یەکەم/ بەرپرسیاریەتیی جەزائی و بەربەستەکانی لە ماددەکانی (٦٠ تاوەکو ٦٥) بە وردی باسی ئەم بابەتە کراوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە پێویستە ئەنجامدەر لە هەموو تاوانە جۆراوجۆرەکان و لە نێویشیاندا لە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەدا خاوەن ویستێکی ئازاد بێت و نابێت لەژێر هیچ جۆرە فشارێکی ماددی یان واتایی (معنوی) تاواناکەی ئەنجامدابێت، بە پێچەوانەوە لێپرسینەوەی سزایی لەسەر ئەم

تاوانانە لەگەڵدا ناکرێت، لەبەرئەوەی بەربەستێک لە بەربەستەکانی لێپرسینەوەی جنائی هەیە بریتییە لە زۆرلێکردن (الاکراه).

**چوارەم: پایەی ئاشکرایی (العلانیة)**

سەبارەت بە پایەی ئاشکرایی بۆ تاوان پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)، لە ماددەی (٣/١٩) لەم یاسایە بە چەند خاڵێک ئامرازەکانی ئاشکراکردنمان بۆ ڕووندەکاتەوە هەروەک لە ماددەکەدا هاتووە (بە ئامرازەکانی ئاشکراکردن دەژمێردرێن: أ- کار یان هێما یان جوولە ئەگەر لە ڕێگای گشتی یان هۆڵێکی گشتی یان جێگایەکی هۆشپەسندانە (مباح) یان سەرڕێگا یان بە بەرچاوی خەڵک یان ئەوانەی لەم جێگایەبوون دەیانتوانی ببینن یان ئەگەر بە ئامرازێکی تەکنیکی بۆی بگوازرێتەوە. ب- وتە یان هاوارکردن ئەگەر بە ئاشکرا بگوترێت یان دووبارەبکرێتەوە لە جێگایەک لەو جێگایانەی باسکران یان ئەگەر بە ئاشکرا بگوترێت یاخود ئەگەر بە ڕێگەی ئامێر یان هەر ڕێگایەکی دیکە پەخشبکرێت بە جۆرێک ئەو کەسە بیبیستێت کە پەیوەندی بە بەکارهێنانیەوە نییە. ج- ڕۆژنامە و چاپکراوەکانی تر و هەر ئامرازێکی دەنگۆ و بڵاوکردنەوەی تر. د- نووسین و نیگار و هێما و وێنە و فیلم گەر لە جێگایەک لەم جێگایانەی باسکران نیشانبدرێن یان دابەشبکرێن یان بفرۆشرێن بە کەسانی تر یان لە هەر جێگایەک نیشانبدرێن بۆ فرۆشتن) دواتر لەسەر بنەمای ئەم ماددەیە بە چەند خاڵێک ئامرازەکانی ئاشکراکردن زیاتر ڕووندەکەینەوە، بەڵام سەبارەت بە تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەتوانین بڵێین پایەی ئاشکرایی بۆ هەندێک جۆری ئەم تاوانانە کە پێویستە ڕوونبکرێنەوە بۆ کام جۆرەیانە یەکێکی ترە لە پایەکانی دروستبوونی ئەم تاوانانە. (عبدالله؛ عزت، ٢٠١٠: ٢٩٨) بەڵام بەهۆی بوونی چەند یاسایەک لە بواری خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خودی ئەو یاسایەی بەرکارە لەم بوارەدا، بۆئەوەی بزانین ئایا لە یاساکەدا پایەی ئاشکرایی کردووە بە یەکێک لەپایەکان یاخود نا، بە سەرنجدان لە یاساکانی بەرکار لەم بواردا بۆمان ڕووندەبێتەوە

کە بۆ هەندێک لە تاوانەکان یاسا پایەی ئاشکرایی نەکردووە بە پایەیەک، بەڵکو تەنها بەبوونی پایەکانی تر کە پێشتر باسمانکردووە تاوانەکە دروستدەبێت، بۆ نموونە لە ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی(٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراقدا کە لە سەرەتای ماددەکەدا هاتووە (هەر کەسێک گەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی(مۆبایل) یان ئامێرێکی پەیوەندیکردنی تەلدار یان بێتەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن (قذف) یان جنێودان... بەکارهێنا...). لێرەدا کاتێک تێبینی دەکەین بۆمان دەردەکەوێت مەرج نییە پایەی ئاشکرایی هەبێت تاوەکو تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیکردن دروستببێت، بەڵکو ئەگەر بێت و بە نهێنیش ئەم ڕەفتارە ئەنجامبدرێت ئەوا تاوانەکە دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بێت و کەسێک بەهۆی مۆبایلێکەوە هەڕەشە یان تۆمەت یان جنێو بە کەسێکی تر بدات ئەوا تاوانەکە دروستدەبێت، بەڵام دەبێت بزانین کە یاساکە تەنها باسی لە ڕەفتارەکانی (هەڕەشەکردن، تۆمەت هەڵبەستن، جنێودان، دزەپێکردن بە گفتوگۆ، بەبێ ڕووخسەت و مۆڵەت وێنەگرتن، هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی) دەکات واتە تەنها لەم تاوانانەدا پایەی ئاشکرایی پێویست نییە ئەگەر هاتوو لە ڕێگەی ئامێری تەکنەلۆژیاوە ئەنجامدرابوو، بەڵام بۆ تاوانەکانی تر یاساکە کردوویەتی بە مەرج دەبێت پایەی ئاشکرایی هەبێت بۆ نموونە (بڵاوکردنەوەی وێنەی چەسپاو و جووڵاو یان کورتیلەنامە، بڵاوکردنەوەی زانیاریی پەیوەست بە نهێنیی ژیانی تایبەت یان خێزانی، بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو) لەمانەدا خودی یاساکە پایەی ئاشکرایی وەکو پایەیەک دیاریکردووە تاوەکو تاوانەکە دروستببێت. بە سەرنجدان لە یاساکانی تری بەرکار لەم بوارەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پایەی ئاشکرایی یەکێکە لە پایەکانی دروستبوونی تاوانی خراپ بەکارهینانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بۆ نموونە لە ماددەی (٩) لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، هەروەها ماددەکانی {(٥،٦،٧/١)،٢،٣،٤} لە یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق پایەی ئاشکرایی وەکو پایەیەک باسکراوە بۆ دروستبوونی تاوانەکە

کە لەم جۆرە تاوانانەدا پایەی ئاشکرایی خۆی دەبینێتەوە لە بڵاوکردنەوە یان پەخشکردن و هاوبەشی پێکردنی دەستەواژەی تاوانکاری، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان یاخود لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراو یان بیستراو یان نووسراو یان ئەلکترۆنی یاخود لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی بازرگانی بەهۆی ئامرازەکانی میدیا یان ئامرازەکانی پەیوەندیکردن. هەروەک لە پێشووتردا ئاماژەمان پێدا بەرمەبنای ماددەی (٣/١٩) لە یاسای سزادانی عێراقی کە باس لە ئامڕازەکانی ئاشکراکردن دەکات دەتوانین بڵێین ئامرازەکانی ئاشکراکردن خۆی لەمانە دەبینێتەوە:-

**١: ئاشکرایی بە وتن و هاوارکردن**

مەبەست لە وتن هەر دەنگێکە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت لە وشە یان دەستەواژە کە گوزارشت لە واتایەکی دیاریکراو بکات جا جیاوازی نییە ئەگەر ڕستەیەک یان دەستەواژەی پچڕپچڕ یا هەر جۆرێکی تر بێت، هەروەها جیاوازی نییە شێوەی وتنەکە چۆن بێت ئایا قسە یا گۆرانی یا شعر، هتد... بێت (اليامين؛ فاتح، ٢٠٢٢: ٥٢). سەبارەت بە هاوارکردنیش دەبێت بە شێوەیەک بێت کە کەسانی دەوروبەر بتوانن بیبیستن واتە تەنها دەربڕینی دەستەواژەی سووکایەتی یان تۆمەتهەڵبەستن کافی نییە ئەگەر بێت و کەسانی دەوروبەر نەتوانن ئەو هاوارکردنە ببیستن. (عبدالعالسلطان، ٢٠٠٢: ٢٩٨) ئەوەی بۆ بابەتی ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە پایەی ئاشکرایی لە وتن و هاوارکردن لە دوو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە؛ یەکەمیان، ئاشکرایی لە وتن و هاوارکردن لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرێکی تەکنەلۆژیا یان میکانیکی بۆ نموونە وەکو ئامێرێکی پەیوەندیکردنی تەلدار یا بێتەل لە شوێنێکی گشتی کە خەڵکی بتوانن ئەو وتە و هاوارکردنە ببیستن. دووەمیشیان، خۆی دەبینێتەوە لە پەخشکردنی وتن یا هاوارکردن بە ڕێگایی بەکارهێنانی ئامێرێکی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و بڵاوکردنەوە لە دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

**٢: ئاشکرایی لە کردار و ئاماژەکردندا**

کردار و ئاماژەکردن جوولەیەکی خۆویستن، کە مرۆڤ بە یەکێک لە ئەندامەکانی لەشی ئەنجامیان دەدات کە ئەو جوولەیەش واتایەکی دیاریکراو دەگەیەنێت و ئەم دیمەنەش گوزارشت لە بیروڕا و ویستی مرۆڤ دەکات، بۆ نموونە کاتێک کەسێک بە پەنجەکانی گوزارشت دەکات لە هەڕەشەکردن لە کەسێک یان لایەنێک یاخود بەدەستەکانی وێنەیەک یان ڕەسمێک یا ئالایەک یان سیمبولێک دەدڕێنێت یان دەیخاتە ژێر پێیەکانی یاخود بۆ نموونە کەسێک تف لە کەسێکی تر دەکات یان هەر شێوازێکی تری لەم جۆرە، ئەوا لەم بارەدا هەریەک لەم کردار و ئاماژانە بە ئاشکرایی (العلانیة) هەژماردەکرێت. (غسان،٢٠٢٠) ئەوەی کە بۆ بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە گرنگە، ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەم ڕەفتار و ئاماژانە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرێکی تەکنەلۆژیەوە ئەنجامدرا یاخود لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە یاخود لە ڕێگەی ڕیکلامێکی بازرگانییەوە بەهۆی ئامرازەکانی میدیا و دەزگاکانی پەیوەندیکردن و میدیاوە ئەنجامدران ئەوا لەو کاتەدا پایەی ئاشکرایی دێتەدی.

**٣: ئاشکرایی لە نووسین**

مەبەست لە نووسین هەموو نووسراوێک دەگرێتەوە، دەکرێت بە شێوەی دەستنووس یان چاپکراو وەکو نووسین لە ڕۆژنامە یان کتێب یاخود هەر شێوەیەکی تر بێت، هەروەها وێنەی فۆتۆگراف و نیگارکێشان و کاریکاتێر و هێماکان و هتد... هەموو ئەمانە کە واتایەکی دیاریکراو دەگەیەنن و گوزارشت لە دەربڕینی ویستی کەسێک دەکەن لە حوکمی نووسین دادەنرێن. (Parry, at el., 2019) هەروەها ئاشکرایی لە نووسیندا دەکرێت بڵێین چەند شێوەیەک دەگرێتەوە یەکێک لەم شێوانە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی دەقێک کە تۆمەت هەڵبەستن یان جوێندان یان لەکەدارکردنی کەسایەتی یان ناوزڕاندن یان هەڕەشەکردنی تێدابێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە یاخود بە بەکارهێنانی ئامێرێکی تەکنەلۆژیا یاخود لە ڕێگەی دەزگاکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن. (عمر،٢٠١٦: ١٤)

دەتوانین بڵێین لەکاتی ئێستاماندا بەهۆی پێشکەوتن لە بواری تەکەنۆژیا و پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندندا کە زیاتر خۆی لە ئامێرە زیرەکەکان و ئینتەرنێتدا دەبینێتەوە چەندین ڕێگەی نویَ بۆ ئاشکرایی هاتوتە ئاراوە، بە جۆرێک ئامڕازەکانی ئاشکراکردن هەر وەکو ئەوانەی لە ماددەی (٣/١٩)ی یاسای سزاکان باسمانکرد، زۆر بە ئاسانی و بە کەمترین کات دەتواندرێت بڵاوبکرێنەوە لە ئینتەرنێت و دەزگا میدیای و ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیال میدیا و جۆرەکانیدا، بێگومان ئەمەش پایەی ئاشکرایی دێنێتەدی.

هەندێکجار لە ڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بە تایبەت ئامێرە زیرەکەکان هەواڵی هەڵبەستراو دژ بە خووڕەوشتی گشتی بڵاودەکرێتەوە یان هاندان لە بڵاوکراوەکەدا هەیە بۆ ئەنجامدانی تاوان، زۆرجار ئەمە لە ڕێگەی کەناڵە ڕاگەیاندنەکان و پەیج و ئەکاونت و تۆڕە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە، کە بێگوومان هەموو ئەوانە بە تاوان هەژمارکراون پاڵپشت بە یاساکانی {یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق}.

**باسی سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە و لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران لەکاتی شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاوانەیان پێڕەوکردووە:-

١- ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی توندوتیژی و هەڵچوونەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) هەژمارکراو (46.06)

گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی (2.04)، بە نمرەی ئازادی (299) و ناوەندی ژمارەیی (220.14) و لادانی پێوەری (16.05) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) هەروەک لە خشتەی (٣) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بە شێوەیەکی خراپ هۆکارە و کاریگەری دەخاتە سەر هەڵچوون و توندوتیژییەکان لە هەرێمی کوردستان.

خشتەی ژمارە (٣) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بە شێوەیەکی گشتی

| نموونە | ناوەندی ژمارەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستیبەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 300 | 220.1453 | 90 | 16.0484 | 299 | 46.06 | 1.96 | بەڵگەدارە |

لە خشتەی ژمارە (٣)دا بەهای (t) هەژمارکراو (46.06) گەورەترە لە بەهای (1.96) خشتەیی، و بەهای (90) گریمانەیی کە شیاویەتی داتاکان نیشاندەدات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی توندوتیژی و هەڵچوونەکان لە ئاستێکی بەرزدایە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، ئەم ئاستە لەبەرزیی زیاتردا دەبێت لەکاتی بوونی هێرشی ئەلیکترۆنی و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا، توێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێننەوە بۆئەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە خاوەندارێتیی ئاراستەیەکی ئەرێنی دەکەن بەرانبەر توندوتیژییە تەکنەلۆژییەکان، بۆیە بە بۆچوونی بەشداربوان زۆر بەکارهێنانی ئامیرە ئەلیکترۆنییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە کاریگەریی هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا، ئەم ئەنجامەش هاوتەرییە لەگەڵ توێژینەوەی (Duerksen and Woodin,2019)

٢- زانینی ئاستی توندوتیژی و هەڵچوونەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ڕەگەز.

بۆ زانینی ئاستی توندوتیژی و هەڵچوونەکان  ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ بەکارهاتووە، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی هەژمارکراو یەکسانە بە (0.064) بە نمرەی ئازادی (299)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، وەک لە خشتەی ژمارە (4) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤) تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 135 | 200.196 | 14.332 | 299 | 14.6817 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| نێر | 165 | 230.088 | 19.785 | | | | |

لە خشتەی ژمارە (4)دا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو (14.68) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.96)، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەدارە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ بۆ توندوتیژیی تەکنەلۆژیا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ، لە ڕێگەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕەگەز جیاوازیی هەیە لە ئەنجامدان و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی تەکنەلۆژیا، ڕەگەزی نێر زیاتر توندوتیژی تەکنەلۆژیا ئەنجامدەدات، کە هۆکارە بۆ هەڵچوونەکان و توندوتیژی، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەریی لەسەر پێوەری توندوتیژی تەکنەلۆژیا هەیە، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (Henry, Flynn, Powell,2020).

## ئەنجامەکان

١: لە هەرێمی کوردستاندا چەندین یاسا لە بوارەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بەرکارن، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو بوارە بە تەواوی ڕێکبخەن و بەرپرسیاریەتیی ئەنجامدەری ئەم تاوانە بە وردی دیاریبکەن.

٢: بەهۆی پەرشوبڵاوی و کەموکوڕی لە یاساکانی تاوانەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، تاوانەکان لە کۆمەڵگادا تا ڕادەیەک ڕوویان لە هەڵکشان کردووە، بە تایبەتیش ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیاوە ئەنجامدەدرێن، ئەمەش پاڵپشت بەو ئامارەی لە دادگاکاندا هەیە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ڕێژەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە ساڵانە ڕوو لە هەڵکشانە.

٣: داتاکانی بەردەست دەریدەخات کە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە هۆکارن بۆ زیادبوونی توندوتیژی و هەڵچوونەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٤: توندوتیژی و هەڵچوونەکان لە ڕەگەزی نێر زیاترە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی نێر زیاتر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن، ڕەگەزی نێر زیاتر هێرشە ئەلیکترۆنییەکان ئەنجامدەدات و ڕەگەزی مێ زیاتر دەکەوێتە بەر هێرش و توندوتیژیی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

## ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم چەند ڕاسپاردەیە دەخەینەڕوو:-

١: خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندییەکان و گشت لایەنەکانی بواری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە یاسایەکی تایبەتدا بەبێ کەموکوڕی ڕێکبخرێت و ناوێکی لێبنرێت و یاساکە بە تەواوی گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی داڕشتنی یاسادا بە جۆرێک پێویست نەکات بۆ کێشەکانی تایبەت بەم بوارە بگەڕێینەوە سەر دەق و یاسای تر.

٢: سیستەمی کۆمپیوتەر یان مۆبایلی زیرەک دەبێت ڕێکخستنێکی پارێزراوی هەبێت، وشەی نهێنی پێویستە بەهێز بێت تاوەکو بە ئاسانی نەتواندرێت بدۆزرێتەوە هاوشێوەی ئەم شێوازە بێت (ژمارەکان، پیتی گەورە و بچووک، و هێماکانی پیتی تایبەت).

٣: دروستکردنی خودئاگایی سەبارەت بە ئاشکراکردنی زانیاری، زانیاری هەستیار یان هەر زانیارییەک کە لەوانەیە لەلایەن تاوانبارانەوە بەکاربهێنرێت، بڵاونەکرێتەوە.

٤: ڕێکخستنی مەکۆ یان وۆرکشۆپی پەروەردەیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە بەکارهێنانی سایتەکانی سۆشیال میدیا.

٥: ئەو کاتەی سایتەکانی سۆشیاڵ میدیا بەکارناهێنرێن چوونەدەرەوە ئەنجامبدرێت بۆئەوەی دڵنیابین لەوەی دوای ئێمە کەسانی تر پڕۆفایلی سۆشیال میدیا و ئەکاونتەکانمان بەکارناهێنن، هەروەها نابێت هیچ نامەیەک لە کەسێکی نامۆ یان ماڵپەڕێکی نەناسراوەوە بکەینەوە بە تایبەت نامەی ئیمەیلی نەناسراو.

### پێشنیاز

١: توێژینەوەی تر لە ڕێگەی وەرگرتنی ئامار لە دادگاکان توێژینەوەیەک لە بواری خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ئەنجامبدرێت.

٢: توێژینەوەی تر ئەنجامبدرێت لەسەر کاریگەریی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر ئاستی ئەکادیمیی فێرخوازانی زانکۆ.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب**

**بە زمانی کوردی**

عمر، سامان فوزی. (٢٠١٦) بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، کوردستان – سلێمانی.

عزیز،عزالدین احمد.(٢٠١٤) دەروونزانی گشتی,چاپی پێنجەم.

حسن ،افرام محمد. (٢٠١٩) دەروازەیەک بۆنەخۆشییە دەروونییەکان، چاپی چوارەم.

**بە زمانی عەرەبی**

ابراهیم، اکرم نشات. (١٩٦٧). الاحکام العامة في قانون العقوبات العراقي، بغداد، مطبعه اسعد.

التمیمی، قیس لطیف کجان. (٢٠١٩). شرح قانون العقوبات العراقی بقسمیه العام والخاص وتعدیلاته، بغداد.

حسنی، محمود نجيب. (١٩٧٨). النظرية العامة للقصد الجنائى، القاهرة، دار النهضه العربيه.
حسنی، محمود نجيب. (١٩٨٨). شرح قانون العقوبات، القسم الخاص، القاهرة، دار النهضه العربيه.
الخلف، علي حسين؛ الشاوي، سلطان عبدالقادر. (٢٠١٥). المبادئ العامة في قانون العقوبات، ط١، دار السنهوري القانونية والعلوم السياسية.
الدره، ماهر عبد شويش؛ الأحمد، محمد سليمان؛ المصاوره، هيثم حامد. (٢٠٠٠). نظرية تعادل الأسباب في قانون الجنائي دراسة تحليليه مقارنة في قانون العقوبات والشريعة الإسلامية، طبعه الأولى، عمان، حامد للنشر والتوزيع.
عبدالعالسلطان، خالد رمضان. (٢٠٠٢). المسؤولية الجنائية عن جرائم الصحافة دراسة المقارنة، ط١، القاهرة.
عثمان، جيا اسماعيل. (٢٠١٧). المسؤولية الجنائية للصحفي عن جرائم النشر دراسة مقارنة، مصر، دار الكتب القانونية.
ناجى، محسن. (١٩٧٤). الاحكام العامة في قانون العقوبات، ط١، بغداد.

## دووەم: توێژینەوەکان

ابراهيم، هيمن حمدامين. (٢٠٢١). بررسی رابطه سببيت در قتل در حقوق كيفری عراق و ايران، پايان نامه كارشناسی ارشد، دانشگاه كردستان.
جعفر، سروه علي. (٢٠٢٢). تاوانەکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و کێشەی چارەسەرکردنیان لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ماڵپەڕی (Krjc.org) ڕێکەوتی دوا سەردان (٢٠٢٣/١٢/٢٣).
سعود، عادل كاظم. (٢٠٠٩). نحو قانون جنائي يكفل حرية الصحافة في العراق، مجلة أهل البيت عليهم السلام، العدد ٨.
عبدالله، نوافل على؛ عزت، السيد محمد. (٢٠١٠). جريمة إنشاء موقع أو نشر معلومات مخلة بالآداب العامة بوسائل تقنية المعلومات، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد ١٢، العدد ٤٤.
غسان الكحلوت. (٢٠٢٠). العمل الإنساني: الواقع والتحديات. المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.
كلامترى، دكتر كيومرث؛ سلمانپور، عباس. (٢٠١٩). جايگاه علم قاضى در اثبات امر كيفرى در حقوق ايران، پژوهشنامه حقوق كيفرى، شماره٢٠.
اليامين، رغيس؛ فاتح، سماري. (٢٠٢٢). الحماية القانونية لحقوق المؤلف في مجال التجارة الاكترونية، رسالة ماجستير، جامعة محمد البشير الإبراهيمي برج بوعريريج.

## سێیەم: یاسا و ڕێنماییەکان:

- دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
- یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عیراق.
- یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان.
- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩).
- جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

Bode, L., 2016. Pruning the news feed: Unfriending and unfollowing political content on social media. *Research & Politics*, *3*(3), p.2053168016661873.

Celik, B., Yildiz, Y. and Bilgin, R., 2022. Perceptions and Recommendations of Foreign Language Teachers to Prevent Children Violence and Abuse: A Case Study in Tishk International University Students in Erbil, Iraq. *Problems of Education in the 21st Century*, *80*(1), pp.82-118.
Citron, D.K., 2016. The privacy policymaking of state attorneys general. *Notre Dame L. Rev.*, *92*, p.747.
Dictionary, M.W., 2002. *Merriam-webster. On-line at http://www. mw. com/home*. htm, 8(2).
Donsbach, W., 2015. *The concise encyclopedia of communication*. John Wiley & Sons.
Duerksen, K.N. and Woodin, E.M., 2019. Technological intimate partner violence: Exploring technology-related perpetration factors and overlap with in-person intimate partner violence. *Computers in Human Behavior*, *98*, pp.223-231.
English, O., 1976. Oxford English Dictionary. *Encyclopedia of Swearing*, p.334
Gallacher, J. D., Heerdink, M. W., & Hewstone, M. (2021). Online engagement between opposing political protest groups via social media is linked to physical violence of offline encounters. *Social Media+ Society*, 7(1), 2056305120984445.
Henry, N., Flynn, A. and Powell, A., 2020. Technology-facilitated domestic and sexual violence: A review. *Violence against women*, *26*(15-16), pp.1828-1854.
Iyengar, S., Sood, G. and Lelkes, Y., 2012. Affect, not ideology: A social identity perspective on polarization. *Public opinion quarterly*, *76*(3), pp.405-431.
Khosrow-Pour, D.B.A. ed., 2020. *Encyclopedia of Criminal Activities and the Deep Web*. IGI Global.
Parry, M.M., Moule Jr, R.K. and Dario, L.M., 2019. Technology-mediated exposure to police–citizen encounters: A quasi-experimental assessment of consequences for citizen perceptions. *Justice Quarterly*, *36*(3), pp.412-436.
Skinner, A.T., Bacchini, D., Lansford, J.E., Godwin, J.W., Sorbring, E., Tapanya, S., Tirado, L.M.U., Zelli, A., Alampay, L.P., Al-Hassan, S.M. and Bombi, A.S., 2014. Neighborhood danger, parental monitoring, harsh parenting, and child aggression in nine countries. *Societies*, *4*(1), pp.45-67.
Suhay, E., Bello-Pardo, E., & Maurer, B. (2018). The polarizing effects of online partisan criticism: Evidence from two experiments. *The International Journal of Press/Politics*, 23(1), 95-115.
VandenBos, G. R. (2007). *APA dictionary of psychology*. American Psychological Association.
Vannucci, A. and McCauley Ohannessian, C., 2019. Social media use subgroups differentially predict psychosocial well-being during early adolescence. *Journal of youth and adolescence*, *48*, *pp*.1469-1493.
Webster, J.G., 2000. *Mechanical Variables Measurement-Solid, Fluid, and Thermal*. CRC Press.
World Health Organization (2011). *World report on violence*. http://www.who.int/topics/violence/en/

## الملخص

إن تطور التكنولوجيا والإعلام والنشر في عالم اليوم هو نتيجة حتمية، حيث تتزايد رغبات الأفراد في بناء علاقات فيما بينهم، وقد تقبل الأفراد هذه القضية، ومن ناحية أخرى فإن هذا التطور الاجتماعي والسياسي والاقتصادي الذي حدث في إقليم كردستان والمجتمع العراقي، أدى إلى دخول التكنولوجيا والإعلام والنشر في حياة الجميع. ولكن بسبب استخدام التكنولوجيا والإعلام والنشر على وسائل التواصل الاجتماعي وشبكات التواصل الاجتماعي، يتعرض العديد من المستخدمين للعنف والإحباط والتهديد.

تركز المحاولات في هذا البحث على توضيح أساليب اكتساب الوعي بين الناس من حيث استخدام التكنولوجيا بطريقة سليمة، لتقليل مستوى العنف والإحباط الذي ينشأ نتيجة سوء استخدام التكنولوجيا، ونسأل من يتحمل المسؤولية القانونية عن هذه السلوكيات؟ ولهذا الغرض، تم استخدام مقياس (عنف التكنولوجيا) في الميدان، وقد أعد الباحثون الأسئلة، وهي عبارة عن (٣٦) سؤالاً في نموذج إلكتروني (نموذج جوجل)، تم إرسالها إلى المشاركين عبر الإنترنت، ونتيجة لذلك، قام (٣٠٠) مشارك بإجراء استبيان البحث.

**الكلمات المفتاحية**: السلوك الإجرامي؛ التكنولوجيا؛ وسائل الإعلام؛ المنشورات؛ العنف